# چۆنییەتیی نووسینی وتار و توێژینەوە
# بە شێوازی ئاکادیمیک!

- بەشی چوارەم -

khatabs@hotmail.com
خەتاب سابیر

بەداخەوە نووسەرانی کورد ، بەشێکی بەرچاویان لە خوێندنەوەی رۆژنامەو بەیاننامەو چەند کتێبێکەوە( ئەویش زیاتر بەکوردیی ) بوونەتە نووسەر و دەیان هەزار وتار و ستوونیان تا ئێستا نووسیوە جگە لەسەدان بەناو توێژینەوە ، بەبێ ئەوەی بۆ یەک ساتێکیش بە ئاوەزیاندا گوزەرابێت کەئایا بە هیچ پێوەرێکی ئاکادیمیی ئەو هەموو نووسینانە دەکرێ پێیان بگوترێ وتاری ئاکادیمیی یان توێژینەوەی ئاکادیمیی؟ .

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێ کەڵەنووسەری باشمان هەیە، بەتایبەتیی لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا زۆر کتێب و پرۆژەی سیاسیی و توێژینەوە و وتاری ئاکادیمیی باشیان نووسیوە، بەڵام بەڵاکە لە نەوەی نوێی نووسەراندایە ، بەتایبەت لەدوای راپەرینەوە. سەربارى پێشکەوتنی زانست و دنیای کۆمپیوتەرو تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت ، کەچیی ئەوەندەی نووسەرانی فەل و حیزبیی و "دارِشتن" نووس پەیدا بوونە ، یەک لەسەر دەی ئەوە، نووسەرانی ئاکادیمیی و تواناداری لەبواری نووسینی هاوچەرخدا پەیدا نەبوونە.

ئەم بەشە دەست دەخاتە سەر فۆنۆلۆژیای زمانی کوردیی ، هەوڵدەدات هەندێ بنەمای فۆنۆلۆژیی بکات بە سەنگی مەحەک بۆ تاوتوێکردن و گفتوگۆ ، گرنگیی زمان و تواناشکاندنی نووسەر بەسەر زماندا لەکاتی نووسیندا هەڵبسەنگێنێت .

خوێندنەوەیەکی وردی کتێبی ( The Sound Pattern Of English ) ی نووام چۆمسکی و مۆریس هالی ، ئەو دنیا ئاڵۆز و پڕ لەفەنتازیاو سەیرەی زمان بەگشتیی و زمانی ئینگلیزیی بەتایبەتیی بەخوێنەر دەگەیەنێت کە تا چ ئەندازەیەک زمان و فۆنۆلۆژیای ( فۆنۆلۆجی- Phonology ) زمان گرنگیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەمە ناکاتە ئەوەی زمانی کوردیی لەبەر تەنکیی و بێ ستانداردیی ئەو رێسایانەی زمانی ئینگلیزیی نایگرێتەوە. بەڵکوو مەسەلەکە لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات کە پسپۆرانی بواری زمان تا چەند دەتوانن گەشە بە ستانداردیی نوێی زمانی کوردیی بدەن! و کەی دەست بەمە دەکەن ؟ .

رووکاری ئەوستراکتۆرەی کە پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیی دیاری دەکەن سێ فاکتەریان لەپشتەوەیە، فاکتەرەکانیش ئەمانەن ( Chomsky and Halle,1968,p.163 ).

1-  ڕێساکانی شێوازیی ( Syntactic Rules )
2-  نوێنەرایەتیکردنی وشەکاریی ( Lexical Representation )
3-  ڕێساکانی دووبارە ڕێکخستنەوە ( Readjustment Rules )

ئەو کتێبە لەساڵی 1968 دا نووسراوە، سەرەڕای گەشەی خێرای زمانی ئینگلیزیی لەهەموو ئاقارەکاندا، بەلام بۆ کەسێک گرنگیی بەزمان بدات ، دەڵێی تازە نووسراوە. ئەم باسە ئاو زۆر دەکێشێ، بەڵام بۆ ئەوەی لە کورتیی ببڕدرێتەوە، ئەم نووسینە لەدرێژەی ئەم بەشەدا و لەروانگەی ئەو کتێبەوە کە گرنگیی زۆر بە فۆنۆلۆژیکی زمان دەدات ،چەند نموونەیەک لە نووسینی هەندێ وشەی زمانی کوردیی و وشەی وەرگێڕدراوی زمانە بیانییەکان دەهێنێتەوەو جیاوازییەکانیان لە نێوان دەنگ و ڕەنگدا ( مەبەست لەنووسینی وشەکەیە ) بەرجەستە دەکات .

ناوی ئەمێریکا ، زۆربەی خەڵکی دنیا و بە ئەمێریکا خۆیشییەوە ئەم وشەیە بە درووستیی دەخوێننەوە ، بەلام عەرەب و ئەو نەتەوانەی کولتووری عەرەب زاڵە بەسەریاندا ، ئەمێریکا دەکەن بە ئەمریکا، یان ئامریکا ، لەباشترین حاڵەتدا هەندێ نووسەر بە ئەمەریکا دەینووسن . ئاخر ئەوە زۆر هەڵەیەکی باوە کە ئەمێریکا( America ) بە ئەمریکا یان ئامریکا یاخوود ئەمەریکا بنووسرێت .

وردبوونەوە لە فۆنەتیکی هەردوو وشەی بارزانیی و تاڵەبانیی، یەکسەر کێشەی نووسین بۆ نووسەر دروست دەکات . گرفتی دوو ( ی) لەکوێدا بەکار بهێنرێت یان نا ، زۆر کێشەیەکی باوە لەزمانی کوردییدا، بەلام فۆنۆلۆژیا زۆر بەئاسانی بە خوێنەر و نووسەر دەڵێ کامیان ڕاستن، فەرموو لەیەک کاتدا بڵێ ( بارزانی ، بارزانیی ) ، ( تاڵەبانی، تاڵەبانیی )،( ژیری ، ژیریی ) ،( نەزانی ، نەزانیی ) . بەئاشکرا جیاوازییەکان دەردەکەون، کەچی بەداخەوە زۆرکەس ئەمانەی بەئاسانی بەسەردا تێپەڕدەبێت، لەهەمووی بەسۆتر ئەوەیە هێشتا هەندێ عەنتەری زمانزانی کوردییمان هەیە ئەو ناوانە بەیەک ( ی ) دەنووسن و خۆیشیان بە پسپۆرترین کەس دەزانن لەزمانی کوردییدا ..

کاتێک دەگوترێ چەوتی !، واتە بەکەسێک دەگوترێ چەوت ، ئەوکەسەش کەسی بەرامبەرە. بەواتایەکی تر ئەو کەسە چەوتە ، بەلام کاتێک دەگوترێ چەوتیی ، ئەمە لێرەدا ئاوەڵناوێکە باس لە چۆنییەتییەک دەکات کە چەوتییە . نموونەیەکی زۆر روونتر ، کەسێک ناوی "بارزان " ە، کاتێک پرسیاری لێ دەکرێ ئایا تۆ بارزانی؟ ، یان تۆ بارزانیت ؟بەیەک ( ی ) ، مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسە ناوی بارزانە یان نا. بەڵام کەسێک خەڵکی ناوچەی بارزان بێت و سەر بە عەشیرەتی بارزان بێت ، دەبێتە بارزانیی نەک بارزانی ، ئەم گرفتی دوو ( ی ) یە بە شێوازی گراماتیک و ڕێسای زمان کەمتر چارەسەر دەکرێت ، ئەوەندەی بە فۆنۆلۆژیای زمان چارەسەر دەکرێت.

ئەم گرفتانە بۆ وشەی ( کوردی ، کوردیی ) ، ( عەرەبی ، عەرەبیی )،( هەولێری، هەولێریی ) ، و سەدان وشەی تر هەر هەمان دۆخ دەیانگرێتەوە .بۆ نموونە کاتێ دەڵێی فلان کەس ئایا کوردی ،یان عەرەبی ؟ واتای ئەوەیە بەو کەسە دەگوترێ ئایا نەتەوەکەت کوردە، یان عەرەبە؟ . ئەمە لەزمانی

**کوردییدا کورتدەکرێتەوە بە یەک وشە پێی دەگوترێ، کوردی یان عەرەبی ؟ ، بەلام کاتێک دەگوترێ ( زمانی کوردیی زمانێکی بەشبەشکراوە)،ناکرێ بە هەڵە بنووسرێ ( زمانی <u>کوردی</u> زمانێکی بەشبەشکراوە) . کاتێ دەگوترێ ( زمانی عەرەبیی زمانێکی پانوپۆڕە لەرەوانبێژییدا ) . ناکرێ بەهەڵە ئەم تێرمە فۆنۆلۆژییەی زمان بگۆڕدرێت و بکرێت بە ( زمانی عەرەبی زمانێکی پانوپۆڕە لەرەوانبێژییدا) . ئەم پۆلێنکردنە بە یارمەتی فۆنۆلۆژیا زۆر بە ئاسانی لە ( یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ) دا دەردەکەوێت، تا ئێستاش لەزۆر بۆنەدا بە مانشێتی گەورە هەندێ نەخوێندەواری ناو یەکێتیی بە هەڵە ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان ) دەنووسن . ئەمە جگە لە گرفتی یەکێتیی و یەکییەتیی لە چۆنییەتی نووسینی وشەکەدا لەناو نووسینی سیاسیی کوردییدا !.**

**هەندێ وشە لە زمانە بیانییەکانەوە وەرگیردراون. بۆ نموونە ستراکتۆر، ئایدۆلۆژیا، ئەنتەرناسیۆنالیزم ، تەکنەلۆژیا ، ناسیۆنالیزم، ستراتیژ، ...هتد، ئەم وشانە کەم تا زۆر لەزمانی کوردییدا جێکەوت بوونە . ئەم وشانە چ لەژێر گورووژمی زمانی فارسییدا جێکەوت بووبێتن ، یان بەهۆی بەهێزیی باکگراوندی زمانی فڕانسیی لەسەر کولتوور و شارستانییەت و سیاسەت و ڕۆشنبیریی لە چەند سەدەی ڕابردوودا ، پێویست ناکات ئێستا ستراتیژیی بە ستراتیجیی ( Strategy ) بنووسرێتەوە . هەرچەندە ستراتیجییەکە زمانی ئینگلیزییە و زمانی ئینگلیزییش هەموو کون و قوژبنێکی ئاخنیوە.**

**بەلام درووستترە ئیمپیریالیزم لەبری ئەمپریالیزم بنووسرێ ( لای کەم لە خوێندنەوەی وشەکەوە بەزمانی ئینگلیزیی زۆر نزیکترە ( Imperialism ) . هەروەها ئینتەرنێت ( یان ئینتەنێت – Internet ) لەبری ئەنتەرنێت بنووسرێ .هەر لەم ڕوانگەیەوە کاتێ هەندێ نووسەر فاکتەر ( Factor ) بە فاکتۆر دەنووسن، سەر لەخوێنەر دەشێوێنن . ئەم جۆرە نووسەرانە پێیان وایە فاکتەر ( تەنانەت ئاڕەکەش لە ئینگلیزییدا ناخوێندرێتەوە ) لەبەر ئەوەی پیتی ئۆ لە نێوان ( تی ) و ( ئار) دایە ، دەچن فاکتەر ( فاکتە) بە فاکتۆر دەنووسن . ئەمە وەک ئەوە وایە، مەندەی ( Monday ) بە مۆندەی بنووسرێت .**

**ئەم باسە درێژەی هەیە....**

**بەشی داهاتوو : خاڵبەندیی و پلەیجەریزم لەنووسیندا دەدرێتە بەر باس و لێوردبوونەوە.**

---

Chomsky, N and Halle M (eds) 1968. *The Sound Pattern Of English*, Harper and Row, New York, Evanston, and London.